# ئاییندەی دانوستانەکانی هەرێم و بەغدا دوای بڕیارەکەی پاریس

## ڕێککەوتننامەی هێڵی گواستنەوەی نەوتی خاو

لە 27/8/1973 عێراق و تورکیا ڕێککەوتننامەی گواستنەوەی نەوتی خاویان لە عێراقەوە بۆ بەندەری جیهان واژۆ کرد. ئەم ڕێککەوتننامەیە تا ئێستا حەوت جاران هەموار کراوەتەوە (1976، 1980، 1981، 1985، 1996، 2007، 2010)؛ لە ماددەی 11ی ڕێککەوتننامە هەموارکراوەکەدا هاتووە ـ کە دواهەمینیان لە 19/10/2010 بوو و بۆ ماوەی 15 ساڵ دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە ـ؛ ئەگەر یەکێک لە لایەنەکانیش هیچ گرفتێکی نەبوو لەسەر هەموارکردنەوەی و پێش ساڵێک لایەنی بەرامبەری ئاگادار نەکردەوە کە هیچ گلەییەکی نییە، ئەوا ڕێککەوتننامەکە بۆ پێنج ساڵی تر درێژ دەبێتەوە. واتە ئەو کاتە لە 15 ساڵەوە دەبێتە 20 ساڵ( 3 ). ئەوەی کە ئێستا هەیە و کاری پێ دەکرێ لە 19/10/2010 – 19/10/2025، لە ڕێککەوتننامەکەیشدا سەبارەت بە دروستبوونی کێشە لە نێوان دوو لایەنەکە هاتووە بەپێی ماددەی 10: ئەگەر گرفتەکان بە دانوستان چارەسەر نەبوون، ئەوا لە ڕێگەی دادگەی ناوبژیکاریی سەر بە ژووری بازرگانیی نێودەوڵەتی، لەلایەن سێ ناوبژیکارەوە لە پاریس و بەپێی یاسای فەڕەنسی یەکلایی دەکرێنەوە و، یاسای فەڕەنساش لەو پێناوەدا جێبەجێ دەکرێ و زمانی فەرمیی ناوبژیکاریکردنیش "ئینگلیزی"یە و بڕیاری لیژنەی ناوبژیکارانیش یەکلاییکەرەوە و پابەندکەرە بۆ هەر دوولا( 4 ).

تا ئێستا هیچ کام لە عێراق و تورکیا نکۆڵییان لەو ماددەیە نەکردووە، یان هیچ پاساوێکیان بۆ پابەندنەبوون بە بڕیاری لیژنەی ناوبژیکاران نەهێناوەتەوە؛ ئەوەندە نەبێ کە لە تورکیا و ناوەندە ئەوروپییەکان باس لەوە دەکەن، بڕیاری لیژنەکە بەو شێوەیە نییە کە پارێزەرەکەی عێراق لێی حاڵی بووە و، عێراق زوو کەوتۆتە شایی و لۆغان بۆ ئەو دەسکەوتە پەرتییە، چونکە لە عێراق لە پێنج داواکاری (عەمبارکردن، گواستنەوە، بەکارهێنانی تایبەت، داواکاریی گەیشتن و بارکردن) چواریانی دۆڕاندووە و تەنیا لە بواری بارکردن تۆمەت دراوەتە پاڵ تورکیا؛ بەڵام تورکیا لە شەش داواکاری، پێنجیانی بردۆتەوە( 5 ). مێژووی داواکەی عێراق لەسەر تورکیا، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵی 2014؛ کاتێک مالیکی کە سەرۆکوەزیران بوو، لە لایەک بوودجەی هەرێمی بڕی و داوایشی لەسەر تورکیا لە پاریس بەرز کردەوە؛ بەڵام دوای هەڵبژاردن و هاتنی عەبادی وەک سەرۆکوەزیران لە کۆتاییی ساڵی 2014، داواکەی وەستاند؛ بەڵام ئەویش لە کاردانەوەی ڕیفراندۆم، داواکەی ئەکتیڤ کردەوە. دواتر بە هاتنی عادل عەبدولمەهدی وەک سەرۆکوەزیران لە ساڵی 2018 بۆ یەکجاری داوەکە سڕ کرا؛ تا ئەو کاتەی کازمی دەسەڵاتی گرتە دەست و لەلایەن وەزیری نەوتی عێراق، لە ساڵی 2022 سەرلەنوێ داواکە ئەکتیڤ کرایەوە. ئەوە بوو دوای نزیکەی دوو ساڵ یەکلا بووەوە و تەنیا لە بواری بارکردن تورکیا بە کەمتەرخەم ئەژمار کرا و لە چوار داواکەی تری عێراق، تورکیا بردییەوە. ئەو بڕیارە تەنیا 2014 – 2018 بوو؛ وا بڕیارە عێراق بۆ 2018 ـ2022 داوای نوێ تۆمار بکات،

بەڵام پێ ناچێ ئەو دەرفەتەی هەبێت.

| | |
|---|---|
| | **بڕیارەکە چیی تێدایە بۆ تورکیا و عێراق و هەرێمی کوردستان؟** |

پێ دەچێ هەرسێ لایەنەکە براوە بن! خۆ پێچەوانەکەیشی هەر ڕاستە، چونکە براوە و دۆڕانەکان ڕێژەیی دەرچوون. بەڵام ئەوەندەی بڕیارەکە خزمەت بە هەرێم دەکات، ئەوەندە بە بەغدا نا؛ ئەگەر بێت و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا بگاتە ئەنجام. تورکیا لە 5 داواکاری لەسەری، 4ی بردەوە؛ عێراق لە 6 داواکاری لەسەری، تەنیا یەک دانەی بردەوە؛ بەڵام هەرێمی کوردستان پێ دەچێ ئەگەر سەرانی بەغدا مەبەستی ڕێککەوتنێکی نیشتمانیان لەگەڵ هەرێمدا هەبێت، لەو بارەیەوە دەرفەتێکی باش دەبێ بۆ هەرێم، چونکە دادگەی پاریس هیچی تێدا نەبوو دژ بە هەرێم؛ چونکە هەرێمی کوردستان یەکەیەکی نێودەوڵەتی نییە وەک دەوڵەت، بەڵکوو بە بەشێک لە عێراق ئەژمار کراوە. بەڵام لەوەیش زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەیە:

داننانە بە هەرێم وەک دامەزراوەیەکی یاسایی لە عێراقی فیدراڵ و، لەوێوە مافی مامەڵەی یاساییی هەیە. "سەرچاوەکان دەڵێن، دادگە بڕیاری داوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوەیەکی سەر بە حکوومەتی عێراقە، بۆیە بە گوێرەی ڕێککەوتنی بۆڕیی نێوان عێراق و تورکیا، هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی یاساییە. سەرچاوەیەکی خۆراوایی بە Middle east eyeی ڕاگەیاند: "بۆیە تورکیا هەڵە نەبووە کە بە ڕێنماییی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەستاوە بە گواستنەوە و عەمبارکردنی نەوت؛ هەروەك داوای عێراق بۆ قەرەبووی زیانەکان بە گوێرەی بەکارهێنانی تایبەت ڕەت کرایەوە و هەر بۆیە دواتر داوای قەرەبووی تەواوی داهاتی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم و زیانەکانیان کرد".( 6 )
هەرێمی کوردستان ڕێککەوتننامەی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا نییە، بەڵکوو لەگەڵ "کۆمپانیای بۆتاش"ە کە بەرپرسە لە گواستنەوەی نەوت و غاز لە تورکیا. ئەمەیش لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی یەک دەگرێتەوە( 6 )و ئەو مافە بە هەرێمە فیدراڵییەکان دراوە کە ئەو مامەڵە یاساییە لەگەڵ هاوشێوە نادەوڵەتییەکانیان یان کۆمپانیاکان بکەن، وەک گرێبەست. هەر بۆیە دادگە هیچ تانەیەکی لە ڕێککەوتننامەی هەرێم و کۆمپانیای بۆتاشی تورکیا نەداوە، بەڵام بەئەرێنییش باسی کردووە. بۆ ئەو مەبەستەیش وەزیری وزە و سەرچاوە سروشتییەکانی تورکیا لەو بارەیەوە ڕای گەیاند: "ئەوەی کە لەلایەن تورکیاوە کراوە، هەماهەنگە لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی"( 7 )؛ ئەمەیش پاڵپشتییەکی ترە بۆ حکوومەتی هەرێم.
دادگە مافی فرۆشتنی نەوت و بەرهەمهێنانی داوەتە هەرێم؛ لەو نێوەدا تەنیا گرفتی سیادی (سەروەری) دەمێنێتەوە. بۆ ئەو مەبەستەیش هەرێم ئامادەییی خۆی ڕاگەیاندووە ئەو تەڵزمەیە چارەسەر بکرێ؛ بەوەی ئامادەیە بڕی 400 هەزار بەرمیل نەوت مانگانە و داهاتە نانەوتییەکانی لە بەرامبەر بوودجەی هەرێم ڕادەستی "سۆمۆ" بکات.
ئەدی بۆچی عێراق زوو شاییی گێڕا؟

| | |
|---|---|
| | **عێراق چەند مەبەستێکی بەپەلەی هەبوو، لەوانە** |

پیشاندان لە بەرامبەر تورکیا کە ئێمەیش "کارتی گوشار"مان هەیە و لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە پابەندتان دەکەین بە هەندێ بابەتەوە. بەڵام ئەوەی کە لە تورکیاوە بەڕێوەیە دەرهەق بە عێراق، زۆر زیاتر و

مەترسیدارترە لەوەی عێراق بەرامبەر بە تورکیا؛ عێراق لەو بارەیەوە زەرەرمەند بوو( 8 ).
ڕازیکردنی ڕای گشتیی شەقامی عێراقی، بەوەی کە دەبێ عێراق هەڵوێستی بەرامبەر بە تورکیا هەبێت دەرهەق بەو کارئاسانییانەی کە بۆ هەرێمی کوردستانی دەکات.
سوودانی لە پرێس کۆنفرانسەکەیدا لە نێوەندی سەردانەکەی بۆ تورکیا وتی: بابەتەکانی وزە، وەرن لە بەغدا باسیان بکەین، نەک لە شوێنەکانی تر. دیارە مەبەستی هەولێر بوو، کە سوودانی دەیەوێ بابەتی نەوت و غاز بەرەو ئەورووپا تەنیا بابەتێکی عێراقی بێت، نەک هەولێر و بەغدا؛ کە ئێستا هەر وەفدێکی ئەورووپی یان ئەمریکی کە سەردانی بەغدا بکەن، یەکێک لە تەوەرەکانی گفتوگۆ بابەتی نەوت و غازە، تایبەتر بڵێین دۆسیەی غاز..
تورکیا تەنیا بۆ مانگێک ئاو بەرەو عێراق بەردەداتەوە، دواتر سەرلەنوێ دەبێ بەغدا دانوستان بکاتەوە؛ دۆسیەکانی نێوانیشیان هێندە کەم نین کە عێراق خۆی لە تورکیا بێمنەت بکات.
سودانی مەبەستیەتی هەندێ پابەندبوون بە تورکیا بکات، چونکە وادەبینێ کە هەڵوێستی ئاکەپە لەوبارەیەوە لەبەرانبەر ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا هەستیار و لاوازە، ئەمەش بە دەرفەت دەزانێ.
نیازی سوودانی بۆ ئەوەی بڕیاری لیژنەی ناوبژیکاریی ژووری بازرگانیی نێودەوڵەتی لە پاریس بکاتە کارتی گوشار، بۆ ئەوەی هەرێم بە مەرجەکانی بەغدا ڕازی بکات.
بۆ هێنانەوەی بیانوو بە هەندێ ماددەی بوودجەی پێشنیارکراو بۆ عێراق کە ئێستا لە پەرلەمانە، لەلایەن هەندێ هێز و لایەنەوە تەواو لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستانی دەزانن، بەتایبەت ماددەی 13 لە بوودجە کە باس لە بابەتی گرنگ دەکەن بۆ هەرێم: ئەوانیش پاکتاوکردنی شایستە داراییەکانی هەرێم لای حکوومەتی فیدراڵ، مۆڵەتدان بە هەرێم بە فرۆشتنی 400 هەزار بەرمیل نەوت ڕۆژانە، کردنەوەی هەژماری بانکی کە لەلایەن حکوومەتی فیدراڵییەوە سەرپەرشتی دەکرێ و لەلایەن هەرێمەوە دەسەڵاتی خەرجکردنی هەیە.

| ئایا بەغدا دەتوانێ بەر بە ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێم بگرێ؟ | |
|---|---|

ئەمە پرسیارێکی نامۆیە، بەڵام هێندەی وەڵامەکەی "نەخێر"ە، ئەوەندە "بەڵێ" نییە. ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە بێمنەت بین و بەرانبەر، بە کەم سەیر بکەین. لەو بارەیەوە دەتوانین بۆ وەڵامی "نەخێر" ئاماژە بە چەند ڕەهەندێک بدەین، بەوەی کە بۆچی وەڵامەکە بە نەخێرە لەوانەیش:

عێراق نابێتە وڵاتێکی سەقامگیر بەبێ هەرێم. ئەوەی کە ئێستایش ماوەتەوە لە عێراق، پێگە و سەقامگیری و پەیوەندیی باشی هەرێمە لەگەڵ بەغدا؛ هەر بۆیە بەغدا ناتوانێ ئاسایشی بەرقەرار بکا بەبێ هەرێم. ناردنەدەرەوەی نەوت و بەرەوپێشبردنی ئابووری، کەشێکی سەقامگیری دەوێت، بەتایبەت لەو دەرچەیەی کە زووتر لێوەی دەگاتە ئەورووپا و ناوەندە کاریگەرەکانی بڕیاردروستکردنی دونیا؛ ئەو دەرچەیەیش هەرێمە.
عێراق عەوداڵی زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوتە، هەرێمی کوردستانیش یاریدەدەرە بۆ ئەو مەبەستە. ئێستا نەوت ڕاگیرا، بەڵام بەرپرسیارێتیی دەوڵەتی عێراق بەرامبەر هەرێم ئەرکێکی یاساییە و لەسەری لا ناکەوێ؛ بەتایبەت کە هەرێم بە هەموو ڕێکارە یاسایی و دەستوورییەکان ڕازییە. بە وەستانی بەرهەمی نەوتی هەرێم، نرخی بەرمیلێک نەوت لە بازاڕەکانی جیهان 3 دۆلار چووە سەر؛ ئەمەیش هەڵوێستێکی نەرێنیی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە عێراق دروست دەکات، بەتایبەت ئەورووپی و ئەمریکییەکان. عێراق دەتوانێ ڕۆژانە– بە هەرێم و

کەرکووکەوە- زیاتر لە 600 هەزار بەرمیل بۆ سەر بەرهەمی خۆی زیاد بکات. ئەو ژمارەیەیش بە نرخی خەمڵێنراوی بوودجەی عێراق بۆ بەرمیلێک نەوت، ساڵانە دەکاتە زیاتر لە 15 ملیار دۆلار ئەمە بێجگە لە داهاتە نانەوتییەکان کە هەرێم بەرامبەر بە شایستە داراییەکانی خۆی ئامادەیە ڕادەستی بەغدایان بکات. کەواتە حکوومەتی عێراق 15% دەرامەتی ساڵانەی وڵاتی، لەم هەرێمەوە دەست دەکەوێ.

بە هەر دواکەوتنێک لە نەناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێم، بەغدا ڕۆژانە زیاتر لە 42 ملیۆن دۆلار زەرەری لێ دەکەوێ؛ پارسەنگەکەیشی لە کورتهێنانی بوودجەی ساڵانەدا دەردەکەوێ.

پەراوێزخستنی هەرێم، زیان بە ناردنەدەرەوەی نەوت دەگەیەنێ بەرەو تورکیا، چونکە بەناو خاکی هەرێمدا دەڕوات. هەر بۆیە هیچ پرۆسەیەکی ناردنەدەرەوەی نەوت بەرەو تورکیا، ئەگەر بێت و هەرێم لایەن نەبێ تێیدا، ئاکامێکی ئەرێنیی نابێت.

عێراق ناتوانێ لە نەوتی هەرێم سوودمەند بێ، بەبێ ڕێککەوتن لەگەڵیدا. هاوکێشەکان ئێستا گۆڕاون.

چەند ڕێژەی ناردنەدەرەوەی نەوت بەرەو تورکیا زیاتر بێت، لە ڕێژەی نرخی گواستنەوەکەی دادەبەزێ؛ بۆ نموونە هەروەک لە ماددەی 4ی ڕێککەوتننامەکەی نێوان تورکیا و عێراق هاتووە سەبارەت نرخی تێچووی گواستنەوە: بۆ هەر بەرمیلێک نەوتی گواستراوە 1.18 دۆلارە لە ساڵێکدا ئەگەر هات و ڕێژەکە 22 ملیۆن تەن بوو، بەڵام ئەگەر ڕێژەی گواستراوە لە ساڵێکدا 45 ملیۆن تەن بوو، ئەوا نرخی تێچووی گواستنەوەی هەر بەرمیلێک دەبێتە 1.03 دۆلارێک؛ بەڵام ئەگەر 70.9 ملیۆن تەن بوو، ئەوا نرخی گواستنەوەی هەر بەرمیلێک لە تێچووەکەی دادەبەزێ بۆ تەنیا 90 سەنت. ئەمەیش بڕێکی پارەی کەم نییە کە ساڵانە بۆ عێراق دەگەڕێتەوە ( 9 ).

بەبێ هەرێم، عێراق نابێتە بازنەیەکی ئابووریی گەشەسەندووی تەواوکار لەناو یەک دەوڵەتدا. لەو حاڵەتەیشدا زیاتر عێراق زەرمەند دەبێ وەک لە هەرێم.

ڕێککەوتن لەگەڵ هەرێم ڕۆڵێکی ئەرێنی بۆ کورتهێنانی بوودجە چارەسەر دەکات و عێراق لە قەرزی تر قوتار دەکات. بەپێی لێدوانەکانی "مەزهەر محەمەد ساڵح" ڕاوێژکاری داراییی سەرۆکوەزیران بێ: ئێستا عێراق زیاتر لە 113 ملیار دۆلار قەرزدارە، کە 63 ملیاری دەرەکییە و 50 ملیارەکەی تریشی ناوخۆییە. لەو 63 ملیارە دەرەکییە، 23 ملیاری هی دوای ساڵانی 2003 تا ئێستایە و عێراق قەرزداری زیاتر لە 65 دەوڵەتە( 10 ).

ئەگەر لەگەڵ هەرێم ڕێک نەکەوێ و تەنگ بە هەرێم هەڵبچنێ، لەوانەیە هەرێمیش پەنا بۆ هەندێ کارتی مەترسیدار بەرێ دەرهەق بە عێراق، وەک: زیندووکردنەوەی ڕیفراندۆم، پاشەکشە لە ڕێککەوتننامەی لەگەڵ بەغدا بۆ ئاسایش کە لە بەرامبەردا داعش دەژییەتەوە، ئاسانکارینەکردن بۆ جووڵەی بازرگانی بەرەو بەغدا کە بە هەرێمدا تێ دەپەڕێ، نەک هەر لە تورکیا، بەڵکوو لە ئێرانیشەوە (چونکە ئێران لە 12 دەروازەوە بازرگانی لەگەڵ عێراقدا دەکات کە 8یان دەکەونە ناو هەرێم)، هەروەها سنووردارکردنی بەردانەوەی ئاو بەرەو ناوەڕاست و خوارووی بەغدا. هەرچەندە بەنداوەکان سیادین، بەڵام لەژێر گوشاردا هەموو کارتەکان بەکار دێن؛ بۆ نموونە کاروان ساڵح کە خۆی پسپۆڕە لە بواری "ئاو"دا، دەڵێ: ئێمە لە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە نزیکەی 39 ملیۆن مەتر سێجا ئاو بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق بەردەدەینەوە، کە مانگانە زیاتر لە 1.158 ملیار مەتر سێجا دەکات؛ ئەگەر بە هەمان ڕێژە لە ساڵیکیشدا بەربدرێتەوە، زیاتر لە 12 ملیار مەتر سێجا ئاو دەکات؛ نرخی مەتر سێجایەک ئاو لە نێوان 70 – 79 سەنتدایە. هەروەها دەڵێت: ئەگەر 75 سەنتیش ئەژمار بکەین بۆ هەر مەتر سێجایەک، کە ئێستا لە دونیا لە فرۆشتنی ئاو پەیڕەو دەکرێ، ئەوا ئەو 39 ملیۆن مەتر سێجایەی ڕۆژانە لە ساڵێکدا دەکاتە: 9 ملیار و 828 ملیۆن دۆلار.

بەڵام دەرامەتی ئاوی تورکیا بۆ عێراق بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی سوودانییش کە لەگەڵ تورکیادا کردوویەتی،

32%ی پێداویستیی عێراق پڕ دەکاتەوە، کە دەکاتە زیاتر لە 27 ملیار مەتر سێجا، بەڵام عێراق لە ساڵێکدا پێویستی بە 53 ملیار مەتر سێجا هەیە( 11 )؛ کەواتە هەرێمی کوردستان یەک لەسەر چواری ئاوی عێراق دابین دەکات.

بوونی گوشارێکی زۆری ئەوروپا و ئەمریکا لەسەر حکوومەتەکەی سوودانی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ هەرێم و دەرکردنی یاسای نەوت و غاز. ئەوان: عێراقێکی سەقامگیریان دەوێ، نرخی نەوت بەرز نەبێتەوە، ناکۆکییەکانی هەرێم و بەغدا بەپێی دەستوور چارەسەر بکرێن، سەرلەنوێ نەوت هەناردە بکرێتەوە.
سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە، ئێستا هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، بەتایبەت "چوارچێوەی هەماهەنگی"، لە ژێر پرسیاردایە؛ بەوەی ئایا تا چەند بەو ڕێککەوتنەوە پابەند دەبێ کە لەگەڵ هەرێم و لایەنەکانی تر کردوویەتی؟ چونکە پابەندبوونی بە ڕێککەوتنەکە، سەنگی مەحەکی سەقامگیرییە لە عێراق.
ئەی بەغدا سەرەڕای ئەوانە، چیی لە هەرێم دەوێ؟

## دەتوانین بڵێین بەغدا مەبەستیەتی دوای دەرکردنی ئەو بڕیارە چەند کارێک بکات:

| ناو | ژمارە | شار | تێبینی |
| --- | --- | --- | --- |
| ئەحمەد | 22 | هەولێر | نییە |
| عەلی | 15 | سلێمانی | نییە |

بەکارهێنانی بڕیارەکە وەک گوشار بۆ سەر هەرێم، تا هەرێم بە مەرجەکانی ڕازی بێت. پێ دەچێ سەقفی داواکارییەکانیشیان دوای بڕیارەکە بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی کە: فرۆشتنی نەوت لە ڕێگەی سۆمۆوە بێت، لە جیاتی بەڕێوەبردن، زاراوەی سەرپەرشتیکردن بۆ پرۆسەی نەوتی هەرێم لەلایەن بەغداوە بەکار بهێندرێت، نەدانی خەرجی کۆمپانیاکان لەلایەن حکوومەتی فیدراڵەوە. لە بەرامبەریشدا هەرێم پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە: بەڕێوەبردنی پرۆسەکە هاوبەشە، کردنەوەی ئەژمارێک بۆ نەوتی هەرێم کە لەلایەن حکوومەتی فیدراڵەوە سەرپەرشتی دەکرێ بەڵام سەلاحییەت و دەسەڵاتی خەرجکردنی، لای حکوومەتی هەرێمە، دانانی جێگرێک بۆ سەرۆکی سۆمۆ لەلایەن هەرێمەوە، دانانی یاسای نەوت و غاز( 12 ).
دوورخستنەوەی هەرێمی کوردستان لە هەر دانوستانێک کە لە نێوان تورکیا و عێراق بێتە ئاراوە، چونکە بەپێی ماددەی 11 لە ڕێککەوتننامەکە، دەبێ دانوستان لەسەر بەردەوامیدان بە ڕێککەوتننامەکە دەست پێ بکات، کە لە 19/9/2025 کۆتایی دێت.
یەکلاکردنەوەی دۆسیەکە، دەبێتە دەسکەوتێک بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بۆ سوودانی بەتایبەت و، چوارچێوەی هەماهەنگی بەگشتی.
گێڕانەوەی دیپلۆماسییەتی وزە بۆ بەغدا بەدوور لە هەولێر، لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی.
هەرێم دەبێ چی بکا؟

یەکریز بێت، یەکپاکێچ بێت، دووپاتی بکاتەوە بەپێی دەستوور شایستەکانی خۆی دەوێ و ئەوەی کە ئەرکیشە لەسەری جێبەجێی دەکات، هێشتنەوەی کەلێنێک بۆ مافی سەروەری (سیادە) بە دەوڵەتی عێراق وەک فرۆشتنی نەوت لە ڕێگەی سۆمۆوە، جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی و داژیەتیکردنی گەندەڵی، ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان لەو وادەیەی کە سەرۆکی هەرێم دیاری کردووە،

دیراسەکردنی بڕیاری ناوبژیکاران بەوردی، خۆئامادەکردن بۆ پێشهاتەکان لەو بارەیەوە کە لەوانەیە دانوستان لە نێوان تورکیا و عێراق دەست پێ بکاتەوە، پێویستە کە هەر گرفتەو لە گۆشەنیگای خۆیەوە ڕەفتار و بیری لێ بکرێتەوە، هەڵچوون و هەڵوێستی پێشوەختە سوودی نییە، پێداچوونەوە بە دۆسیەی مافی مرۆڤ و ڕەوشی دیموکراسییەت لە هەرێم و سوودمەندبوون لە پێشنیار و گازەندە نێودەوڵەتییەکان، پەرەدان بە دیپلۆماسییەت لەسەر هەرسێ ئاستی عێراق و ناوچەیی و نێودەوڵەتی، گوزەران و مووچەی خەڵک.

## لە کۆتاییدا: هەرچەندە بڕیارەکە چەند سوودێکی بۆ هەرێم تێدا بوو، بەڵام سێ مەترسیی گەورەیش لە ڕێگەن:

تۆپەکە ئێستا لە گۆڕەپانی تورکیادایە. بەپێی وتەی وەزیری سەرچاوە سروشتییەکانی تورکیا، جارێ بیری لێ دەکەنەوە و پەلەیان نییە. هەر بۆیە پێ دەچێ لەو ڕووەوە زەمەن لە بەرژەوەندیی هەرێم نەبێ و هەناردەکردن کەمێک دوا بکەوێ و لەگەڵ بەغداش پرۆسەکە سست ببێتەوە، ئەو دۆخە کەمێک گوشاری دارایی بۆ هەرێم دروست دەکات.

ئەوەندەی هەندێ گرووپی ئۆپۆزیسیۆن دژی حکوومەتی هەرێمن، ئەوەندە حکوومەتی بەغدا نا. هەر شتێک دژی هەرێم دەرکرا، ئەمان هەر بەزوویی شایی دەگێڕن و تەپڵی لێ دەدەن! هەرێم و حکوومەت جیا ناکەنە. هەر بە بەغداش نەوەستان؛ هەرچییان کردووە بە هەر شێوازێک بێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش بەرە لە دژی هەرێم کۆ دەکەنەوە. بەڵام هەمیشە ئەوان وەک کارتێکی گوشار بەکار دەهێنرێن لە دژی پارتی و یەکێتی نەک وەک ئەلتەرناتیڤ؛ دەبێ ئەو ڕاستییە باش بزانن و سازش لەسەر نیشتمانپەروەرییان نەکەن.

ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە هەرێم؛ چونکە تا ئێستایش یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆی بۆ پرۆسە دیموکراتییەکە ئامادە نەکردووە و، ئامادەی لەمپەردروستکردنیشە بۆی.